# گوللەبارانکردنی فەرزاد کەمانگەر و هەوڕێکانی مەحکوم دەکەین.

ڕژێمی ئاخوندەکانی ئێران، جارێکی تر تاوانێکی گەورەیان بەرپا کرد بەرامبەر بە کورد و ئێرانیە ئازادیخوازەکان. ئەم ڕژێمە ئیسلامیە خوێنڕێژە لەم ڕۆژانەی رابووردودا لەزیندانی (ئڤین) لە تاران هەستان بە گولە بارانکردنی پێنج ئازادی خوازی بێتاوان، لەوانە( فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەران، فەرهاد وەکیلی و شیرین عەلەمهوولی و< مێهدی ئیسلامیان> کە بە ڕەگەز فارسە).

ئێمە لە ناوەندی چاک، زۆر بە توندی ئیدانەی ئەم تاوانە دەکەین، و لە هەمان کاتدا ڕایدەگەیەنین، کە بێدەنگ نابین و دەنگی ئازادی خوازانی کوردەکان بەرز ڕادەگرین و ئەم ڕەفتارە قێزەونەی ڕژێمی ئیسلامی ئێران جگە لەوەی مەحکومی دەکەین، سکالاش لای ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشونال تۆمار دەکەین دژی ڕژێمی ئێرانی خوێنڕێژ. شایانی باسەکە کاتی خۆی نامەی شەهید(فەرزاد کەمانگەر) کە لە سەرەتای زیندانی بوونیەوە نوسیبووی بۆ خانەوادەکی، گەیاندمانە بارەگای ئەمنستی لە وڵاتی نەرویج و بارەگای سەرکیشیان لە بەریتانیا، بەڵام بەداخەوە دیارە ڕژێمی ئێران لەسەر ملهوڕێتی خۆی بەردەوامە.

ئێمە لە ناوەندی چاک، بە باشی دەزانین، کە باشترین وەڵام بۆ ڕەتدانەوەی ئەم ڕژێمە خوێنڕێژە دەرهەق بە گەلی کورد، نزیک بوونەوەی هێزە سیاسیەکانی گەلی کوردە لە یەکتری و هاوخەباتیان لەگەڵ هێزە سیاسسیە ئازادیخوازەکانی گەلی ئێراندایە. وەڵامی دووهەمیش، بێدەنگ نە بوون لە ئاستی ئەم تاوانەدا بە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین و مانگرتن و ڕێپیوان بۆ بەردەم سەفارەتەکانی ئێرانی، لە لایەکەوە و لە لایەکی ترەوە، ئاگادارکردنەوەی هەموو ناوەندە سیاسی و یاسایەکانی وڵاتانی ئەوروپا لەم ڕەفتارە درندەییەی ڕژێمی ئێران. ئامادەین بۆ هەموو هاوکاری و دەستپێشخەریەک.

ناوەندی هەڵەبجە، دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ـ چاک

www.chak.info chak.org@gmail.com